# هاوڕێی تێكۆشەر، بەڕێز كاك مستەفا هیجری
# سكرتێری گشتیی حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێران

**لە كۆنفرانسێكی چاپەمەنیدا:**



## كۆماری ئیسلامی تەنها ئەو رەئیو بڕیارانەی پێ دروستە كە بۆخۆیان لەسەری ساخ دەبنەوە، ئەوان ئەهمییەتێك بۆ رەئی رێكخراوی نەتەوە یەكگرتووەكان دانانێن

رۆژی هەینی رێكەوتی ٨٥/١٠/٨ی هەتاوی، بۆ باس لەسەر هێندێك مەسەلەی گرنگی وەك بڕیاری ١٧٣٧ی ئەنجومەنی ئاسایشی رێكخراوی نەتەوە یەكگرتووەكان، وەزعی مافی مرۆڤ لە ئێرانو هەروەها باس لەسەر هەلومەرجی ئەم دواییەی نێو حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێران، بە بەشداریی راگەیەنە گشتییەكانی حیزب پێكهاتوو لە: (رۆژنامەی كوردستان، كانالی ئاسمانیی تیشك، رادیۆ دەنگی كوردستانی ئێران، رۆژنامەی ئاگری، گۆڤارەكانی لاوان، ژنانو بیری خوێندكار)، كۆنفرانسێكی چاپەمەنی بۆ رێزدار كاك مستەفا هیجری، سكرتێری گشتیی حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێران پێك هات.

بەڕێز هیجری، لە وەڵامی پرسیاری هەواڵنێرانی راگەیەنە گشتییەكانی حیزبدا، بەڕوونی تیشكی خستۆتە سەر هۆكارو ئاكامەكانی بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایش لەمەڕ بەرنامە ناوكییەكانی كۆماری ئیسلامیی ئێران، پێشێلكاریی مافەكانی مرۆڤ لە ئێرانو هەروەها لەسەر جیابوونەوەی ژمارەیەك كادرو پێشمەرگە لە ریزی حیزبی دێموكراتی

کوردستانی ئێران دواو باسی لە هەوڵەکانی خۆیو ڕێبەرایەتیی هەڵبـژێردراوی کۆنگرەی سێزدە بۆ پاراستنی یەکڕیزیی حیزب کرد.

**"تیشك تی‌ڤی" : بەڕێز کاك مستەفا! هەروەك ئاگادارن ئەمڕۆکە لە ڕۆژهـەڵاتی ناوەڕاسـت کۆمـەڵێك مەسـەلەی سیاسی لە ئارادان، وەك تەرحەکەی بەیکێر ـ هامیلتۆنو لە ئێرانیش هەڵبژاردنەکانی شارو دێو مەجلیسی خیبرەگان. بەڵام شتێك کە ڕەنگە لەم ڕۆژانەدا بە شێوەیەکی بەرچـاوتر بووتــە سـەردێری زۆربــەی ڕۆژنامـەکانو لـە ڕاگەیەنـە گشتییەکاندا باسی لێوە دەکرێ، بڕیاری ١٧٢٧ی ئەنجومـەنی ئاسایشـی ڕێکخـراوی نەتــەوە یـەکگرتووەکان لەسـەر ئێران. پرسیارەکەی من ئەوەیە : ئێوە وەك سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، گرنگیی ئەو بڕیارە لە چیدا دەبینن؟**

کاك مستەفا: زۆر سوپاس. ئەمنیش خوشحاڵم کە لـە جـەمعی ئێـوە نوێنـەرانی ڕاگەیەنـە گشـتییەکانی حیزبـی دێموکراتدا بەشدارم. بە بۆنەی ئەوە کە لەو ماوەیەدا زۆرتان زەحمەت کێشاوە، دیارە ڕاگەیەنە گشتییەکانی حیزب هەمیشە ماندوون، بەتایبەت لەو ماوەدا کارو زەحمەتی زۆرتان کەوتۆتە سەرشان، ماندوو نـەبوونیتان لـێ دەکـەم. پێم وابێ فرسەتێکی باشیشە لەو ڕۆژانەدا ئێمە لە بەرەبەری دوو جێژن داین. یەکەم جێژنی قوربـانی پـیرۆزە کـە بۆ موسوڵمانان جێژنێکی زۆر گرنگی ئایینی‌یە. بەو بۆنەوە ئەمن پیرۆزبایی دەکەم لە هەموو موسوڵمانانی جیهان، بەتایبەتی خوشكو برا کوردە موسوڵمانەکانمان لە کوردستانی ئێـرانو لـە هـەموو بەشـەکانی دیکـەی کوردسـتاندا. بۆنەی دووهـەم سـەری ساڵە، نوێبوونـەوەی ساڵی مەسیحی‌یە، بـەو بۆنـەوەو هـەروەها بـە بۆنـەی کریسـمەس کـە جێـژنێکی ئـایینی مەسـیحییەکانە، بـەو بۆنەشـەوە پیرۆزبـایی دەکـەم لـە هـەموو مەسـیحییەکانو بەتایبـەتی مەسیحییەکانی ئێرانو ئەوانەی کە دانیشتووی کورستانن.

لە پێوەندی دەگەڵ پرسیارەکەتاندا، ڕاستە لەو ماوەیەدا بڕیاراتی گرینگ هاتوونەتـە ئـاراوە، هـەم بـە نیسـبەتی مەنتەقـەوەو هـەم بـە نیسـبەتی ئێرانـەوە، بـەڵام هـەرکام لەوانـە بۆخۆتـان دەزانـن پێویستـی‌یان بـە لێکدانـەوەو وەختێکی یەگجار زۆر هەیە کە ڕەنگە ئێمە لێرە ئـەو فرسـەتەمان نـەبێ کـە یـەك یـەك بچینـە سـەر وەڵامـی ئـەو پرسیارەتانو هەموو مەسەلەکان باس بکەین. بەڵام ڕەنگە موهیمتر لە هەموویان بە نیسبەتی ئێمە کوردی ئێـران، مەسـەلەی بڕیـاری ١٧٣٧ی ئەنجومـەنی ئاسایشی نەتـەوە یەکگرتووەکانـە لـە پێوەنـدی دەگـەڵ مەسـەلەی پـرۆژە ئەتۆمییەکانی ئێران. ئەو بڕیارە بە بۆچوونی من زیاتر لەوەی کە لەباری ئیجرایی‌یـەوە لـە بـاری توندوتیژییـەوە موهیم بێ، لە باری سیاسییەوە یەگجار زۆر موهیمە، چونکە هەموومان باش دەزانین کـە لـە مـاوەی لانیکـەم یـەك سـاڵی رابـردوودا کۆمـاری ئیسـلامیی ئێـران زۆری هـەوڵ دا بـۆ ئـەوەی کـە ئیختـیلاف بخاتـە بـەینی ئەنـدامانی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یـەکگرتووەکان، هـەوڵی دا بـۆ ئـەوەی کـە ئـەو دەوڵەتانـەی کـە ئـەو پرۆژەیـان ئامـادە دەکرد کە بیبەنە ئەنجومەن، وەکوو وڵاتـانی ئینگلیسو فەرانسـەو ئاڵمـانو هـەروەها رووسـیەو چـین، ئیختـیلاف بخاتـە بـەینیانو، لـەو پێوەندییـەدا زۆر جـاریش زۆر زیرەکانـەو وریایانـە عەمـەلیان کـرد، بـەڵام لـە نیهایەتـدا

نەتیجەکەی بوو بەوە کە ئەو وڵاتانەی کە پرۆژەکەیان پێشکەش دەکرد، توانییان پرۆژەکە بە "جرح و تعدیل"و دەستێوەردانو "ملایم کردن" بیکەنە پرۆژەیەك کە هەموویان لەسەری ساغ بوونەوەو وەکوو دیتمان لە ئەنجومەنی ئاسایشیش بەگشتی بڕیاری لەسەر درا. من پێم وابێ ئەوە مەسەلەیەکی زۆر موهیمە بۆ کۆماری ئیسلامیی ئێرانو هەروەها بۆ ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان. لە پێوەندی دەگەڵ مەسەلەی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکاندا، ئەمن بەتایبەتی لەو بارەوە بە موهیمی دەبینم کە ئەوان گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتەی کە کۆماری ئیسلامیی ئێران، هەدەفەکەی لە درێژەدانی پرۆژە ئەتومییەکەی بە پێچەوانەی ئەوەی کە ئیددیعای دەکا، مەسەلەی خەدەماتی نیە، بەڵکوو دەستپێڕاگەیشتنە بە چەکی ئەتۆمیو، دنیا ئێستا گەیشتۆتە ئەو قەناعەتەی کە ئەگەر کۆماری ئیسلامیی ئێران چەکدار بێ بە چەکی ئەتۆمی، دەتوانێ چەندە خەتەری بۆ دنیاو بۆ ئاشتی لە مەنتەقەدا بەتایبەتی زیاد بکا، بۆیە ئەوان گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتەی کە دەبێ پێشی درێژەدانی ئەو پرۆژەیە بگیرێ. ئەوە مەسەلەیەکی زۆر موهیمە کە ئەنجومەن بڕیاری لەسەر داوە.

بێجگە لەوە تەبیعەتەن ئەو پرۆژەیە وەکوو بۆخۆشی لە خۆیدا باس دەکا، ئەوەیە کە هەنگاوی یەکەمە. ئەنجومەنی ئاسایش دوو مانگی وەخت داوە بە کۆماری ئیسلامیی ئێران کە لەو دوو مانگەدا کار لەسەر پرۆژە ئەتۆمییەکەی رابگرێ، ئەگەر ئەو کارە نەکا، بێگومان ئەوان دەچنە سەر سزای توندوتیژتر لەسەر جمهووریی ئیسلامیی ئێران.

**"رۆژنامەی کوردستان": ئەحمەدینەژاد لە دژکردەوە بەو بڕیارەی ئەنجومەنی ئاسایش، ئەو بڕیارەی زۆر بێبایەخ زانیوەو رایگەیاندوە کە هیچ شوێنێك، هیچ باندۆرێك لەسەر بڕیاری ئەوان بۆ درێژەدان بە بەرنامە ئەتۆمییەکەیان دانانێ. ئێوە ئەو قسانەی ئەوان چۆن هەڵدەسەنگێنن؟**

**کاك مستەفا:** من پێم وابێ لەو قسەیەدا ئەحمەدینەژاد راست دەکا، چونکە دەستپێڕاگەیشتنی کۆماری ئیسلامیی ئێران بە چەکی ئەتۆمی لە ژێر پەرەپێدانی ئەو پرۆژەیەدا ئەوەندە گرینگە بۆ کۆماری ئیسلامیی ئێرانو ئەوەندە جەنبەی حەیاتیی بە خۆیەوە گرتوە کە کۆماری ئیسلامیی ئێران ئامادەیە هەموو سزایەك - زۆر لەوە قورستریش - تەحەموول بکا بۆ ئەوەی کە بە هەدەفەکەی خۆی بگاو کۆماری ئیسلامیی ئێران هەر بەو جۆرەی کە ئێوە ئیشارەتان پێ کرد، ئەحمەدینەژاد وەك نوێنەری حکوومەت رایگەیاندوە ئەوان ئەو پرۆژەیە درێژە دەدەن لەو رابیتەدا.

مەسەلەکە ئەوەیە کە بۆ کۆماری ئیسلامیی ئێران، دەستپێڕاگەیشتنی چەکی ئەتۆمی نە لە پێوەندی دەگەڵ ئەوە دایە کە خەڵکی ئێران ئاسوودە بێو خەدەماتی خەڵکی ئێران رێکوپێك بێ، لەو پێوەندییەدا نیە، بەڵکوو تەنها بۆ پاراستنی مەوجوودییەتی کۆماری ئیسلامیی ئێرانە. ئەوە مەسەلەیەکی زۆر گرنگە کە لە خودی ئەو قسانەرا ئێمە دەتوانین نەتیجەی لێ وەربگرین. بێجگە لەوە، ئێمە هەموومان کۆماری ئیسلامیی ئێران باش دەناسین، کۆماری ئیسلامی تەنها ئەو رەئیو بڕیارانەی پێ دروستە کە بۆخۆیان لەسەری ساخ دەبنەوە، ئەوان

ئەهمییەتێك بۆ رەئی رێكخراوی نەتەوە یەكگرتووەكان یان ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەكگرتووەكان یان وڵاتانی دراوسێ دانانێن، تەنانەت، ئەهمیەت بۆ بیروباوەڕێ خەڵكی خۆشیان دانانێن. بۆیە بۆ ئەوان مەسەلەكە لەو چوارچێوەدا موهیمە كە دەبێ بگەن بە هەدەفی خۆیان، دەبێ قسەی خۆیان بەرنە پێشێو مەعموولەنیش دەبینین كە ئەوان لە هەموو مەوردێكدا خۆیان بە سەركەوتوو دەزانن. ئەگەر لە بیرتان بێ، كاتێك كە لە شەڕی ئێرانو عێراقدا كۆماری ئیسلامیی ئێران بە تەواوی شكستی خواردو لە نەتیجەی ئەو شكستەدا خومەینی وەكوو بۆخۆی رایگەیاند ئامادە بوو بە قبوولكردنی قەراری سازمانی میللەل جامی ژەهر بخواتەوەو، لەگەڵ هەمووی ئەوانەدا كۆماری ئیسلامیی هەر ئەو دەمی تاكوو ئێستا بەردەوام رادەگەیەنێو دەڵێ ئێمە لەو شەڕەدا سەركەوتوو بووین. كەوا بوو بۆ كۆماری ئیسلامیی ئێران مەسەلەی سەركەوتنو تێكشانەكان، تەنیا لە چوارچێوەی بڕیاراتی خۆیاندا خولاسە دەبێتەوەو ئەوەی كە بۆخۆیان باوەڕیان پێیەتی نەك چ شتێك بە قازانجی خەڵك تەواو دەبێ چ بە زەرەی خەڵكە تەواو دەبێ، چ بە قازانجو زەرەری ناوچە تەواو دەبێ.

**"رادیۆ دەنگی كوردستانی ئێران": ئێوە وەك حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێران ئەنجامی ئەو بڕیارو كارانە چۆن هەڵدەسەنگێنن؟**

**كاك مستەفا:** من پێم وابێ، بە پێی ئەو تەجروبەیەو ناسیاریەی كە لە كۆماری ئیسلامیی ئێران هەمانە، وەكوو لە پرسیارەكانی پێشوودا جوابم دایەوە، كۆماری ئیسلامیی ئێران بە بێ گوێدان بە بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایش، بەرنامەكەی خۆی دەباتە پێشێو، چونكە بۆ دنیاش گرینگەو دنیا گەیشتۆتە ئەو قەناعەتەی كە كۆماری ئیسلامیی ئێران نابێ دەستی بە چەكی ئەتۆمی رابگا، ئەوانیش لەسەر بڕیاری خۆیان سوورنو هەنگاو بە هەنگاو ئەو سزایانەی كە لەسەر كۆماری ئیسلامی دادەنرێ، توندوتیژتر دەكرێ. نەتیجەی ئەوە لە نەهایەتدا بە بۆچوونی من دەگاتە ئەو رادەیەی كە كۆماری ئیسلامیی ئێران لە پێوەندی دەگەڵ ئەو سزایانەی كە لە سەری دادەنرێ، ئەوەندە زەعیفو لاواز دەبێ كە ئەوە بۆخۆی دەبێتە هۆی ئەوەی كە كۆماری ئیسلامیی ئێران بڕووخێ یا لانیكەم دەبێتە یەكێك لە فاكتەرە موهیمەكانی روخانی كۆماری ئیسلامیی ئێران. ئەوە نەتیجەیەكە كە ئەمن لە درێژەی ئەو پرۆسەیەدا كە كۆماری ئیسلامیی ئێران دەستی پێكردوەو درێژەی دەدا، دەیبینم.

**"گۆڤاری بیری خوێندكار": دەبینین كە پێشێلكاریی مافی مرۆڤ ئێستا لە رێژیمی كۆماری ئیسلامیی ئێراندا بەهۆی مەترەح بوونی پرۆژەی ئەتۆمی لەم وڵاتە، زۆر كەمڕەنگو بێ بایەخ بووە. رای جەنابتان لە پێوەندی لەگەڵ ئەم مەسەلەیە چیە؟**

**كاك مستەفا:** ئەوەی كە ئیشارەتان پێكرد، پرسیارێكی زۆر موهیمەو بەداخەوە راستە، چونكەی ئەوەی كە تاكوو ئێستا بۆ وڵاتانی دونیاو سازمانی مللەل موهیم بووە، مەسەلەی پرۆژەی ئەتۆمیی كۆماری ئیسلامیی ئێرانە، بەو دەلیلەی كە ئیشارەم پێكرد، كۆماری ئیسلامی دەیهەوێ دەستڕەسی پەیدا بكا بە چەكی ئەتۆمی، بەڵام لە

پێناو ئەو مەسەلەیەدا ئەوەی کە پێوەندیی هەیە بە لە ژێر پێنانی مافی مرۆڤ لە ئێرانیٚدا، بەتایبەتی مافی نەتەوەکانی ئێرانیٚو یەك لەوان نەتەوەی کورد، لە ژێر پێنانی مافی ژنان، رۆژنامەنووسانو هەموو چینو توێژەکانی کە لە ئێراندا نیشتەجێن، لە واقیعدا فەراموش کراوە، یا ئەگەر بڕیاراتێك دراون لەو پێوەندیەدا، بڕیاراتێکی "الزامیٚور" نەبوون، ئێمە شاهیدین لە ماوەی ٢٨ ساڵ حکوومەتی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا تاکوو ئێستا بە دەیان جار لە لایەن ناوەندەکانی مافی مرۆڤەوە کۆماری ئیسلامیی ئێران مەحکووم کراوەو ئێستا لە ریزی یەکێك لەو دەوڵەتانە دایە کە لە دنیادا زیاتر لە هەموان مافی مرۆڤ پێشێل دەکەن، بەڵام چونکە ئەو بڕیارانە "الزامیٚور" نەبوونو کۆماری ئیسلامیی ئێران مەجبوور نەبووە رەعایەتی بکا، بۆیە گوێی نەداوەتیٚو لە ژێر پێنانی مافی مرۆڤ لە ئێراندا نەك هیچ ئاڵوگۆڕی بەسەردا نەهاتوە بە لایەنی موسبەتەوە، بەڵکوو زۆر زۆر توندوتیژتر بووەو ئەوە مەسەلەیەکە هەموو دنیا ئیعتیرافی پیٚ دەکەن. من پێم وابیٚ ئەگەر کۆمەڵگای نێونەتەوەیی نەیەتە سەر ئەو قەناعەتەی کە لە ژێر پێنانی مافی مرۆڤ لە ئێراندا بڕیاراتێکی "الزامیٚور"ی بۆ نەدریٚو کۆماری ئیسلامیی ئێران مەجبوور نەکریٚ کە مافی مرۆڤ لە ئێراندا رەعایەت بکا، مەسەلەی چەکی ئەتۆمیو باقیی پرۆژەکانی دیکەی کۆماری ئیسلامی کە لە دژی بەشەریەتن، لە دژی ئاشتینو، مەسەلەی چەکی کۆمەڵکوژ دێننەوە ئاراوە، ئیسلاح ناکریٚ، چونکە ئەوەی کە ئەو پرۆژانە دێنێتە ئاراوە، لە واقیعدا باوەڕنەبوونی کۆماری ئیسلامییە بە مافی مرۆڤ. کەوابوو من پێم وابیٚ ئەگەر کۆمەڵگای جیهانی لەو باوەڕە دایە کە کۆماری ئیسلامیی ئێران ئاڵوگۆڕی بەسەردا دیٚ ـ کە ئێمە پێمان وایە ئاڵوگۆڕپەزیر نیە، ئیسلاح پەزیر نیە ـ دەبیٚ ئەو دەمی لە پێش ئەوەیدا کە مەسەلەی چەکی ئەتۆمی لە ئێراندا یا پرۆژەی ئەتۆمیی ئێران بخەنە ژێر کۆنتڕۆڵو بەرگیری لیٚ بکەن، دەبیٚ فکرێکی جیددی بۆ ئەوەی بکەنەوە کە کۆماری ئیسلامیی ئێران وادار بکریٚ مافی مرۆڤ لەبەرەچاو بگریٚ، چونکە پرۆژەی چەکی ئەتۆمی لە مێشکی کۆماری ئیسلامی دایە کە باوەڕی بە مافی مرۆڤو ئازادیو دێموکراسی نیە.

**"رۆژنامەی ئاگری": زیاتر لە سیٚ حەوتوو بەسەر جیابوونەوەی ژمارەیەك کادرو پێشمەرگە لە ریزی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران تیٚدەپەڕیٚ. ئەوان لە راگەیاندنو وتووێژەکانی خۆیاندا بە شێوەیەکی یەك لایەنە هەموو خەتایەك دەخەنە سەرشانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانو لەو نێوەدا خۆیان وەك بیٚ گوناحو بیٚخەتا نیشان داوە. ئەو کێشەو گیروگرفتانە کە ئێستا هەن، چینو لە کوێڕا دەستیان پیٚکردوە؟**

**کاك مستەفا:** ئەگەر ئێوە مێژووی حیزبی دێموکراتی کوردستانتان خوێندبێتەوە ـ کە حەتمەن خوێندووتانەتەوە ـ دەزانن کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە هیچ مەرحەلەیەکدا بیٚ کێشەی نێوخۆیی نەبووە، رەنگە بەشێکی ئەوە بگەڕێتەوە سەر ئەو راستی‌یە کە لە حیزبی دێموکراتدا بە پێی دێموکراتیك بوونی حیزب، بیروبۆچوونی جیاوازو دەربڕینەکانی، ئازاد بووە، بۆیە لە هەر مەرحەلەیەکدا لە ئەندامانی رێبەرایەتی یا لە ئەندامانی بەدەنەی حیزب ئیجازەیان هەبووە کە بیروبۆچوونی خۆیان دەربڕن. لە دەربڕینی ئەو

بیروبۆچوونانەدا زۆرجاری وا هەیە ئیختیلافی نەزەر پەیدا بووەو ئیختیلافی نەزەرەکان کاتێك کە زۆر بوون، گەیشتۆتە جودابوونەوە. ئەوەی کە ئێستا رووی داوە، ئەویش لە واقیعدا پێوەندیی هەیە بە رابردووەوە، شتێك نیە کە هەر ئێستا خولقابێ یا دوای کۆنگرەی سێزدە، یا لە کۆنگرەی ١٣دا خولقابێ، بەڵکوو ریشەکەی دەگەڕێتەوە سەر کۆنگرەکانی ١٠و ١١و ١٢، بەڵام لە کۆنگرەی ١٣دا کاتێك ئەو مەسەلەیە زەق بۆوەو زیاتر گرینگ بۆوە کە دوای بەڕێوەبردنی کۆنگرەیەکی دێموکراتیك کە ئەو هاوڕێیانەی کە جودا بوونەوە، ئەوانیش تێیدا بەشدار بوون، لە پێشکەشکردنی هەموو بەرنامەکان بەشدار بوون، چووە پێشێ، هیچ ئیشکالێکی تێدا نەبوو بەڵام کاتێك کە مەسەلە گەیشتە هەڵبژاردن و نەتیجەی هەڵبژاردن بوو بەوە کە هێندێك لەو هاوڕێیانەی کە خۆیان بە حەقدار دەزانیی و لە ماوەی سێ کۆنگرەی رابردوودا لە دەسەڵاتدا بوون و لە رێبەرایەتیی حیزبدا بوون، دەنگی ئیعتمادی نوێنەرانی کۆنگرەیان پێ نەدرا، ئەوە وەکوو ئەوە هاتە بەرچاو کە حەقێکی گەورەی ئەوان "چایع" بووبێ و، ئەوان لەو کاتەوە دەستیان کرد بە موخالیفەت کردن، بە کارشکێنی، بە نەفیکردنەوەی فەعالییەت و تێکۆشانەکانی حیزب، بە بێئیعتیبارکردنی رێبەرایەتیی حیزب، هەتاکوو نەتیجەکەی گەیشتە ئەو نوقتەیە کە ئێوە ئیشارەتان پێ کرد. دەمەوێ بە کورتی ئەوەتان عەرز بکەم کە ئەساسی ئەو کێشەیە بێجگە لەوەی کە ژمارەیەك بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵاتی رابردوویان ناڕەحەت بوون و نەیاندەتوانی تەحەمولی ئەو رەئیە دێموکراتیکە بکەن کە نوێنەرانی بەدەنەی حیزب لە کۆنگرەی ١٣دا دابوویان بەوان، ئەو کێشەیە زەق بۆوەو بەرجەستە بۆوەو گەیشتە ئەو وەزعیەتە کە هەموومان دیومانەو پێویست بە باسکردنەکەی ناکا.

**"تیشك تیڤی" : بەڕێز کاك مستەفا! ئەو چەند کەسە لە کادرو پێشمەرگەکانی پێشوو بەو شێوە پڕوپاگەندە ئەکەن کە کۆنفرانسەکانی پێش کۆنگرەی ١٣ بە شێوەی نهێنی کاریان بۆ کراوەو چەند کەسانێك هاتوونەتە نێو کۆنگرەی سێزدەوە کە سەر بە باڵی ئەقەلییەتی نێو حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بوون. جەنابیشتان سکرتێری هەڵبژێردراوی کۆنگرەی سێزدەن کە لە لایە رێبەرایەتیی حیزبەوە هەڵبژێردراون کە کۆنگرەی ١٣ هەڵیبژاردون. جەنابتان لەو پێوەندییەدا چی دەفەرموون؟**

**کاك مستەفا:** من پێم وابێ ئەو شتەی کە دەگوترێ لە ریزی مەجمووعەیەکی زۆر لەو پڕوپاگەندانە دایەو بایەخی نیە. گرنگترین دەلیل بۆ ئەو مەسەلە ئەوەیە کە ئەو هاوڕێیانەی کە ئێستا ناڕازین، ئەو دەمی ئەکسەریەتی رێبەرایەتیی حیزب بوون، سکرتێری حیزب لەو باڵە بوو، کۆنفرانسەکانی کۆنگرەی سێزدەهەم لە ژێر چاودێریی ئەواندا بەڕێوە چوو، کۆمیتەی ئامادەکاریی کۆنگرە ئەکسەرییەتەکەی لە کەسانێك بوو کە ئەوان دیارییان کردبوو، ئەو بڕیاراتەی کە لە کومیتەی ناوەندی درا، پێش کۆنگرەی سێزدە بۆ چۆنیەتیی بەڕێوەچوونی کۆنفرانسەکان لە سەر رەئیی و نەزەری ئەوان جێبەجێ کرا، کەوابوو هیچ مەسەلەیەکی نهێنی لە ئارادا نەبووە. لە ژێر چاوەدێریی ئەواندا نوێنەرانی بەدەنەی حیزب هەڵبژێردراون و هاتوون لە کۆنگرەدا بەشدارییان کردوە. بێجگە لەوە، دوای ئەوەی کە لە کۆنگرەدا کۆمیتەی ئامادەکار، راپۆرتی خۆی خوێندۆتەوە، هیچ کەس ئیعتیرازی

نەبووە، مەشرووعییەتی کۆنگرە لە لایەن هەموو ئەندامانەوەو بەتایبەتی لە لایەن خودی ئەو هاوڕێیانەوە کە دوایە ناڕازی بوون، تەیید کراوە، لە کۆمیسیۆنی سکاڵا کە بە سکاڵای کەسانێك کە لە کۆنفرانسەکاندا ئەگەر شکایەتیان هەبێ دەچێتەوە، تەنانەت یەك شکایەتیش لە لایەن کادرو پێشمەرگەی حیزبەوە بەو کۆمیسیۆنە نەگەیشتووەو من پێم وابێ لە مێژووی حیزبی دێموکراتدا ئەو کۆنفرانسانەی کە بۆ ئەو کۆنگرەیە ئامادە کران، یەکێك لە دێموکراتیکترین کۆنفرانسەکان بووە کە بەڕێوە چووە. باشە ئەو هاوڕێیانە ئەگەر بەڕاستی نەزەریان ئەوەیە کە بە نهێنی کار کراوە یا ئەو شتانەی دیکە کە لەو چوارچێوەیەدا باسی دەکەن، بۆ لە کاتی خۆیدا شکایەتی خۆیان نەدا بە هەیئەتی پێداچوونەوە بە شکایەتەکان؟! بۆ لە کاتێکدا کۆمیتەی ئامادەکاری کۆنگرە، ڕاپۆرتی کۆنفرانسەکانی لە کۆنگرەدا پێشکەش دەکردو هەموویان دەستیان هەڵێناوەو تەییدی مەشرووعیەتی کۆنگرەیان کرد، ئەو دەمی کەسیان هەڵنەستا لە پێوەندی دەگەڵ کاری کۆنفرانسەکاندا ئیعتیراز بکا؟! کەوابوو مەسەلەکە بە هیچ جۆر ئەوە نیە، بەڵکوو وەك عەرزم کردن مەسەلەکە ئەوەیە کە ئەو هاوڕێیانە نەتیجەی کاری کۆنگرەکە ناڕەحتی کردوون.

بێجگە لەوانە، مەسایلی دیکە لەو پێوەندییەدا هەیە کە زۆر دەلایلی حاشاهەڵنەگرە. لە کاتێکدا کە کاری ئەو هاوڕێیانەمان گەیشتە ئێعتیرازو نامەنووسینو ئەوانە، داوامان لێکردن کە ئێستا ئێمە دەوری دووساڵمان ماوە بۆ کۆنگرەی ١٤، فەرموون ئێوە کار بکەنو لە کۆنگرەی ١٤دا، ئەگەر کۆنگرە ڕەئی دا بە ئێوەو بوون بە ئەکسەریەت، یا ڕەئی بە هەر کەسێکی دیکە دا، ئێمە وەکوو مرۆڤی دێموکرات "اگاعت"ی لێ دەکەینو لە ژێر ڕێنوێنیو ڕێبەرایەتیی هەڵبژێردراوانی ئەو کۆنگرەیەدا کار دەکەین. تەنانەت بابەتێکی دیکەش هاتە پێشێ کە من پێم خۆشە لێرەدا ئیشارەی پێ بکەم. هاوڕێیەکی موشتەرەکی منو مامۆستا، نامەیەکی بۆ هەردووکمان نووسیبوو، پێشنیارێکی وای کردووەو دەڵێ بۆ حەللی ئەو گیروگرفتە، مەودای زەمانیی بەینی ئێستا تا کۆنگرەی ١٤ بکەین بە دوو بەش، بەشێکی، نیوەی با ئەو هاوڕێیانە کار بکەن، لە باتیی ئینتقادو ڕەخنە، لە باتیی کارشکێنی کار بکەن، نیوەی دووهەمیش پێش بخرێو کۆنگرە بگیرێ. من ئەو پێشنیارەم قبووڵ کرد، ڕۆژی دوایی بەڕێز عەبدوڵڵا حەسەنزادەم بانگ کرد، پێم گوت پێشنیارێکی ئەوا لە لایەن ئەو ڕەفیقەمانەوە هاتوە کە بە دەست جەنابیشت گەیشتووە، من ئامادەم بۆ ئەو پێشنیارە، ئامادەم جارێکی دیکە کۆنگرە بگرین، ئەو ناڕەحەت بووو گوتی کە نەخێر کۆنگرە ناگرین، ئەگەر کۆنگرە بگرین ئێستاش ئێوە دەبنە ئەکسەریەت، چونکە لە ئێستاوە کۆنگرە ئامادە کراوە. ئەمن عەرزم کرد کە ئێمە دەتوانین کۆمیتەی هاوبەش بۆ پێکهێنانی کۆنفرانسەکان دابنێین، لە هەردوو لایەنی ئەکسەریەتو ئەقەلییەت، بە پێی قەوانینێك کە دایدەنێین، بە پێی ئەو قانوونانە کۆنفرانسەکان بگرینو کۆنگرە دیاری بکەین، بەڵام ئەو نەچووە ژێر باری ئەوەش. مەبەستم ئەوەیە کە مەسەلە ئەوە نیە کە ئەوان لەگەڵ کۆنگرەیەك ڕووبەڕوو بوون کە نوێنەرەکانی بە شێوەی نهێنی ئامادە کرابوون، نەخێر بە هیچ جور مەسەلەکە ئەوە نیە، بەڵکوو ئەوان ئەسڵەن بۆخۆیان باش دەزانن کە لە شێوەیەکی دێموکراتیکدا کە کار دێتە سەر دەنگدان، دەنگی ئازاد، ئەوان ڕەئی ناهێننەوە، چونکە ئەوان باش دەزانن ئەگەر لە کومیتەی ناوەندیدا ٦ کەس

بوون له ۲۲ کەس، له بەدەنـەدا یـەکجار زۆر لـەوە کـەمتر بـوونو، ئـەوان دەیـانزانی کـه ئەگـەر کۆنگرەیـەکی دیکـه بگیرێتەوە، دووبـارە ئـەوان وەزعەکـەیان هـەر ئـەوە بـوو. بۆیـه خۆیـان لـه مەسـەلەی کۆنگرەو هەڵبـژاردنو رەئـی خەڵکەکـه دەپاراسـتو، دەیانویسـت بـه شـێوەیەکی تـەوافوقی هەیئـەت پێـك بـێو ئـەوان لـەو رێگایـەوە دەسـەڵات بەدەست بێننەوە. ئەوە ئەسڵی مەسەلەکەمان بوو.

**"گۆڤاری لاوان": بەڕێز کاك مستەفا! ئەو تاقمەی جیابۆوە، چۆن دەیانویست ئۆرگانە هەڵبژێردراوەکان وەلا نێنو خۆیان دەسەڵات بەدەستەوە بگرن؟**

**کاك مستەفا:** بۆ ئەوەی زۆر شت هەیە کە من دەتوانم ئیشارەی پێ بکەمو بۆ بـیروڕای گشـتی روونـی بکەمـەوە. رەنگە روونترین مەسەلە لێرەدا نامەیەکە کە ئەو هاوڕێیانە لە رێکـەوتی ۱۳۸۵/۵/۷دا بـە نێـوی "هاوڕێیـانی بـەڕێز سکرتێری گشتیو زۆرایەتیی کۆمیتەی ناوەنـدی" پێشکەشـیان کـردوە بـە کومیتـەی ناوەنـدی. لـەو نامەیـەدا دوای موقەدەمەیەك، مەجمووعەیەك پێشنیاریان هێناوە کە ئەوە بۆخۆی نیشاندەری ئەو شتەیە کە من عەرزم کردن.

لەسەر هەموو شتێکدا داوا دەکەن هەیئەتی هاوبـەش پێـك بـێ. بـۆ نموونـە، چـەند خاڵێکتـان بـۆ دەخوێنمـەوە، دەڵێ "وەك لە پێشەکیدا گوترا لە دووساڵی رابردوودا بە سەدان کەس سزا دراون، تەشویق کراون، پلەیان دراوەتێ یان لێیان ئەستێندراوەتەوە، نەقڵ کراونو تەنانەت خراونەتە بەندیخانەوەو، ئەگەریش بیانوویـەکیان بـۆ دروسـت کرابـێ، هـۆی سـەرەکی لێکدانـەوەی جینـاحی بـووە. بۆیـە داوا دەکـەین هـەموو ئـەو جـۆرە بڕیارانـە رابگیرێـن، هەیئەتێکی هاوبەش(!)" لێرەدا ئیدی مەسەلەی ئۆرگانی حیزبیو قـانوونو بڕیـارات نیـە، تەنانـەت ئـەو قـانوونو بڕیاراتانەی، ئەو ئایینامانەی کە لە زەمانی دەسەڵاتی خۆیانـدا تەسـویب کـراوە، دەڵـێ "هەیئـەتێکی هاوبـەش بـە سەلاحییەتی وەك یەکەوە(!) لە جیناحی دەسەڵاتبەدەستو ئۆپۆزیسیۆن پێك بـێ کـە بـە هەموویانـدا بچێتەوەو ئەوەی بە سالمی نەزانی، هەڵیوەشێنێتەوە."

دوایە دیسان باسی ئەوە دەکا "هەیئەتێکی هاوبەشیش(!) پێـك بـێ لەسـەر هـەموو نـەقڵو ئینتقـالو تـەوبیخو تەشویقو پلەدانو پلـە وەرگرتنەوەیـەكو هـەر جـۆرە سـزادانێك بڕیـار بـدا." ملاحیـزە دەفـەرموون ئیـدی لێـرەدا مەسەلەی قانوونو بڕیارو ئەوە نیـە، هەیئـەتی هاوبەشـە پێـك دێ، ئـەو هەیئـەتی هاوبەشـە کارەکان دەکا، ئیـدی ئیحتیـاجی بـە کومیتـەی ناوەنـدیو کـۆنگرەو ئـەو شـتانەش نیـە. بێجگـە لـەوە لـە نامەیـەکی دیکـە کـە هـەر لـە جـەرەیانی ئـەو بـەحسو دیالۆگانـەدا ئـەو هاوڕێیانـە نووسـیویانە بـۆ ئێمـە، بـاس لـەو سـزایانە کـە دەکـا ئێمـە رێبەرایـەتیی حیـزب قبـووڵی کـردوە کـە بـەڵێ هەیئـەتی هاوبـەش پێـك بـێ، بـە شـکایەتەکاندا بچێتەوە، لێیـان بپرسـێتەوە، نەتیجەکـەی بێنێتـەوە بـۆ دەفتـەری سیاسی، چـونکە دەفتـەری سیاسـی لـە فاسـیلەی بـەینی دوو کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندیدا، کاروباری حیزب بـەڕێوە دەبـا. بـەڵام ئـەوان نایانهـەوێ مەسـەلەکە لـە دەفتـەری سیاسیدا حەل بکرێ. لە نامەیەکدا کە نووسیویانە لە جوابەکەیدا ئەوە دەڵێن، لە خـاڵی شەشـدا دەڵـێ: "ئـەوە کـە مەسەلەکان حەواڵەی دەفتەری سیاسی یا کۆمیتەی ناوەندی بکرێن، بێ ئەوەی پێشتر لە سـەریان رێـك کـەوتبێتین،

مەسەلەکە ئاڵۆزتر دەکاو ئیمە قەبووڵی ناکەین." یانی بۆ ئەوان مەسەلەکە ئەوەیە کە نابێ کۆمیتەی ناوەندیو دەفتەری سیاسی لە سەر مەسەلەکان بڕیار بداو نەتیجەگیری بکا. بێجگە لەوە، نامەیەکی دیکەمان لەبەر دەست دایە کە ئێمە کاتێك پلینۆمی ئەخیرمان گرت، داوامان کرد لەو هاوڕێیانە کە هەمووومان بەشداری پلینۆم بین، لە پلینۆمدا مەسایلێکی کە مەوردی نەزەری هەر لایەکە باسی بکەن، یەکێك لەو مەسەلانە کە مەسەلەیەکی موهیمە، ئەو ئیختیلافی نەزەرو بۆچوونەیە لەوێدا باسی بکەین، لە کۆمیتەی ناوەندیدا ڕێگاچارەی بۆ ببینینەوەو کۆمیتەی ناوەندی دەفتەری سیاسی راسپێرێ کە بە دوای ئەو ڕێگاچارانەدا بڕوا تا حەللی بکا. بەڵام ئەوان بۆ ئەو مەبەستە ئەو نامەیانە نووسیوە، جارێ ئەوەڵەن دەڵێن پلینۆم نەگیرێ، بەڵام دەڵێ: "خۆ ئەگەر ئەو تکایەشمان قبووڵ نەکرێ، یانی ئەگەر پلینۆم بگرن، ئەوە بە راشکاوی رادەگەیەنین کە لەو کۆبوونەوەیەدا بەشدار نابینو هەر بڕیارێکیش لە پێوەندی لەگەڵ گیروگرفتە نێوخۆیییەکاندا لەو کۆبوونەوەیە بێتە دەر، بەڕەسمی ناناسینو رەدی دەکەینەوە." تەوەجۆ فەرموون، چەندە دژایەتی دەکەن دەگەڵ کۆمیتەی ناوەندی، پێش ئەوەی کۆمیتەی ناوەندی بڕیار بدا لەسەر ئەو مەوزووعە، ئەوان دەڵێن ئێمە رەدی دەکەینەوە. ئەوە لە حاڵێکدایە کە ئەوان داوایان دەکرد لایەنی دیکەی خاریج لە حیزبی دێموکرات بێن دەخالەت بکەن لە حەللی ئەو مەسەلەیەدا، بەڵام ئیجازە نادا کۆمیتەی ناوەندی کە هەڵبژێردراوی دێموکراتیکی نوێنەرانی حیزبەو بەدەنەی حیزبەو وەزیفەکەی ئەوەیە، بێ لەو مەسەلەیەدا دەخالەت بکا. ئەوەیە کە ئەوان کوللی مەسەلەکەیان ئەوە بووە کە دەبێ ئەو کۆمیتەی ناوەندییەی کە لە کۆنگرەی سێزدەدا هەڵبژێردراوەو ئەو دەفتەری سیاسییەی کە هەڵبژێردراوە، دەبێ بێئیعتیبار بکرێ، بێ دەسەڵات بکرێو دەسەڵاتەکە بە شێوەیەکی هەیئەت بدرێتەوە بە دەستی ئەوان بۆ ئەوەی کە ئەو هەدەفەی کە ئەوان بە دوایدا دەگەڕێنو لە دەستدانی دەسەڵاتە، لە ڕێگای ئەو هەیئەتەوە بە دەستیان بگا. حەوسەلەشیان نیە کە راوەستن تا کۆنگرە بگیرێ یا ئەوان جارێکی دیکە بکەونەوە بەر رەئی خەڵك بۆ ئەوەی خەڵك رەئییان بداتێ یان نەیانداتێ، بۆیە ئەو ڕێگاحەللە نیزیکانە پێشنیار دەکەن.

**"رادیۆدەنگی کوردستانی ئێران": هەروەك بۆخۆتان ئاگادارن، ئەو تاقمە جیابۆوە لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران رۆژی ٧ی گەلاوێژی ١٣٨٥، لە نامەیەکدا کە بۆ سکرتێرو کۆمیتەی ناوەندیی حیزب ناردبوویانو داخوازیی خۆیان لە ٢٠ خاڵدا کورت کردبۆوەو ئەو ٢٠ خاڵە لەسەر ئێنتێرنیتیش بڵاو بوونەوە. پرسیاری من ئەوەیە کە ئایا لەو ٢٠ خاڵەدا، هیچ خاڵێك جێگای پەسندو قبووڵکردن نەبوو؟**

**کاك مستەفا:** نەخێر، لەو خاڵانەی کە ئەوان پێشکێشیان کردبوو، ژمارەیەك لە خاڵەکانیان قابیلی بەحس بوونو، ئێمە ئەو خاڵانەی کە قابیلی قەبووڵ بوونو دەکرا قسەی لەسەر بکرێو ڕێگاچارەیان بۆ ببیندرێتەوە، ڕێبەرایەتیی حیزب زۆر بە لەسەرەخۆییو بە دیققەتەوە جوابی دانەوەو موافقەتی کرد. بۆیە دەبینین کە لە نامەیەکدا کە ١٧ خاڵی لە خۆ گرتبووو ئەو ١٧ خاڵە بەشێکی زۆر لە ٢٠ خاڵەکەی ئەو هاوڕێیانەی تێدا گونجابوو، بڵاو کراوە، درا بەوانو باس کرا کە موافقن قسەی لەسەر بکەن، بەڵام من لە سەرەتادا بۆم دەرکەوت کە ئەو

هاوڕێیانەی کە ئەو نامەیان تەنزیم کردوە، بەتایبەت دوو بڕیاردەری ئەسڵیی ئەو نامەیە، بەڕێزان کاك حەسەنی ڕەستگارو عەبدوڵڵا حەسەنزادە، ئەوان بڕیاری خۆیان بۆ جودابوونەوەی حیزب داوە. بۆیە ئەو موافقەتەی کە ڕێبەرایەتیی حیزب دەگەڵ داخوازەکانی ئەوان کردی، بۆیان قابلی قەبووڵ نەبووو بەهانەی دیکەیان هێناوە.

**"گۆڤاری بیری خوێندکار": بەڕێز کاك مستەفا! ئێوە چۆن دەتانزانی ئەو ژمارە لە کادرو پێشمەرگە بڕیاری جیابوونەوەیان داوە؟**

**کاك مستەفا:** وەك عەرزم کردن، مەسەلەکە کادرو پێشمەرگەکان نین، بەڵکوو ئەسڵی بڕیاردەرەکانیانن کە ئەمن ئیشارەم کرد بە نێوی دوو کەس لەوان، ئەوە ئەوان بڕیاریان دابوو بۆ ئەوەی کە جودا ببنەوە. بۆ ئەوە دەلایل زۆرە، یەکەم ئەوە کە ئەگەر دیققەت بکەین لە تەنزیمی ئەو ٢٠ خاڵەو موقەدەمەی ٢٠ خاڵەکە، موقەدەمەی ٢٠ خاڵەکە مەجمووعەیەك ئیتهام نامەیە کە ئەوان دەیدەن بە ڕێبەرایەتیی حیزب کە ئەگەر ئەوانە ڕاست بن، بەڕاستی ئەو ڕێبەرایەتییە ئەسڵەن بۆ کار لەگەڵکردن نابێ، بۆیە ئەوان کە ئەو مەسەلانەیان مەترەح کردوە، بۆ ئەوەیان مەترەح کردوە کە بیکەنە بەهانەیەك بۆ ئەوەی کە ئەو ڕێبەرایەتییە ئەسڵەن بۆ ئەوە نابێ‌و لێی جودا دەبنەوە. بێجگە لەوە ئێمە لە پرۆسەی کاردا دەبینین کە تیعدادێك لە ئەفرادی دڵسۆزی ئەو لایەنە کە مەتەوەجیهی نییەتی بڕیاردەرانی ئەو پرۆژەیە ببوون، لێیان جودا بوونەوە. دەبینین لەو مەرحەلەی چەند مانگەدا بەڕێز کاك بابا عەلی کە ئەندامی دەفتەری سیاسی بووو لەگەڵ ئەوان بوو، مەتەوەجیهی نەزەراتی سوویی ئەوان بوو، لێیان جودا بۆوە، دوایە کاك لوقمانی مێهفەڕ کە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیە، لەگەڵ ئەوان بوو، لێیان جودا بۆوەو لەو ئاخرانەشدا ژمارەیەکی دیکە لە ئەفرادی موئەسیری ئەو لایەنە شك‌و گومانیان بۆ پەیدا ببووو نەدەچوونە کۆبوونەوەکانی ئەوان‌و زۆر زۆر لێیان ناڕازی بوون. ئەوە لە لایەك، لە لایەکی دیکەوە ئەو برادەرانە، هەر لەو کاتەدا کە مەسایلیان لەگەڵ ئێمە مەترەح دەکرد، لەگەڵ ئەکسەریەتی حیزب مەترەحیان دەکرد بۆ دیتنەوەی ڕێگاچارە، بڕیاری خۆیان دابوو بە جوداکردنەوەی بەشەکان. مەسەلەن بۆ نموونە عەرزتان دەکەم، هەر لەو پرۆسەیەدا ئەوان یەکیەتیی لاوانیان جودا کردەوە. بێجگە لەوە، کۆمیتەکانی حیزب لە دەرەوەی وڵات ئەوانەی کە سەر بەوان بوون، ئیدی کۆبوونەوەکانی کۆمیتەکانی حیزبییان بە شێوەی موشتەرەك‌و هاوبەش بەجێ هێشت، بۆخۆیان گرووپی خۆیان پێك هێنا کە کاروباری خۆیان دەکردو لەوێدا بە ئاشکرا مەسەلەی جودابوونەوەی حیزبیان مەترەح دەکرد کە بێگومان ئەو ڕێنوێنی‌یانە لەو مەرکەزەی سەرکردایەتییەکەیانڕا بۆیان سادر کرابووو ئەوان ئەو کارانەیان دەکرد. جا بۆیە مەسەلەکە زۆر ڕوون بوو کە ئەوان دەیانویست جودا ببنەوە، بەتایبەتی ئەوە زۆرتر کاتێك ڕوون بۆوە کە موافقەتی ١٧ خاڵیی ڕێبەرایەتیی حیزب بەوان گەیشت، کە ئەوەیان پێ گەیشت ئیدی دیتیان کە خەریکە موافقەت دەکرێ، ویست‌و داخوازییەکانیان جوابی موسبەتی دەدرێتەوە، ئەوجار بلافاسیلە چەندین خاڵی پێش شەرتیان هێنا ئاراوە کە دەبێ ئەو پێش شەرتانەش قبووڵ بکرێن. ٣ خاڵی پێش شەرت. ئەمن لە دانیشتنێکدا کە لەگەڵ بەڕێز حەسەنزادە بووم، دەگەڵی باسم کردو بە هەیئەتی ڕێبەرایەتیی حیزبیش کە

دادەنیشت دەگەڵ ئەوان، لەگەڵ ئەوانیش باسم کرد، پێم گوتن کە هەموو خاڵێك، هەموو ویستو داخوازێك کە ئەوان هەیانە قابیلی بەحسە، دەبێ بەحسی لەسەر بکرێ، چون دەمزانی ئەوانە بەهانە دەگرنو قەبووڵی ناکەن. بە بەڕێز حەسەنزادەشم گوت، گوتم باشە خاڵی دیکەشتان هەیە مەترەحی دەکەین، بەڵام تۆ وەك پێش شەرت مەیهێنە، پێش شەرت تەحقیری کۆمیتەی ناوەندییە، تەحقیری لایەنەکەی دیکەیەو، ئەوان قەبووڵی ناکەن. بۆ وەك پێش شەرت؟ تۆ ئەگەر هەدەفت ئەوەیە، خاڵێکت هەیە، مەبەستێکت هەیە کە دەبێ بێتە دی، با ئەوە لە زیمنی ئەو خاڵانەدا کە باس دەکرێ، بێتە جێگای باسکردنو ڕێگای بۆ ببینرێتەوە بۆ موافقەت کردنو جێبەجێکردنەکەی. بەڵام ئەو سوور بوو لەسەر ئەوەی کە نەخێر دەبێ حەتمەن پێش شەرت بێ. تەنانەت پێم خۆشە ئەوەتان عەرز بکەم کە مەسەلەی دیالۆگەکەو بەحسەکان، هەتا زیاتر دەکێشرا، زیاتر درێژ دەبۆوە، بەشێکی زۆرتر لە هاوڕێیانی ئەوبەری کە بڵێین هی ئەوانەی ئەقەلییەت بوون، ناڕازی دەبوون، متەوەجیهی مەسەلەکە دەبوون، بۆیە دەبینین لە کتوپڕ ئیعلامی ڕاگەیاندنی جودابوونەوە دەدرێ بۆ ئەوەی کە ئەو هاوڕێیانەی کە بڕیاردەر بوون لەوبەری، ئیدی خەڵکەکەی خۆیان لە موقابیلی عەمەلی ئەنجام شودەدا قەرار بدەن، چونکە هەر ئێستاش ژمارەیەکی زۆر لەو کەسانەی کە لەگەڵ ئەوانن، چ بە کادرو پێشمەرگەوە چ لە سەتحی سەرەوەیاندا، بەو وەزعە ناڕازین.

**"ڕۆژنامەی کوردستان": بەڕێز کاك مستەفا! باشە ئەگەر ئەو هاوڕێیانە دەیانەویست جیا ببنەوە، بۆ لە سەرەتادا ئەو کارەیان نەکرد؟**

**کاك مستەفا:** ئەوان لەڕاستیدا وەختێك کە ٢٠ خاڵەکەیان بە نووسراو دا، من پێم وابێ چاوەڕوانیی ئەوەیان هەبوو کە ئەکسەرییەتیش بە کەتبی جوابیان بداتەوەو مەسەلەکە ڕەد بکاتەوەو ئەوان ئیدی ئەوەیان بۆ ببێتە بەهانەو لە واقیعدا کارەکەیان تەواو کەن، بەڵام بە خۆشییەوە ڕێبەرایەتیی حیزبو ئەکسەریەت زۆر بە وردیو زۆر بە ئیحساسی مەسئولییەتەوە واردی ئەو مەوزووعە بوون. ئەوان لە باتیی ئەوەی کە بە نووسراو جواب بدەنەوە، لەگەڵ ئەو هاوڕێیانە باسیان کرد، پێیان ڕاگەیاندن کە ئێمە ئامادەین لەسەر قسەکانی ئێوە دیالۆگ بکەین، لەسەری قسە بکەینو، ئەوە مەوزووعێك بوو کە ئەوانی ناچار کرد کە دابنیشن هەیئەت پێك بێنن بۆ ئەوەی کە لە سەر خاڵەکانی کە داوایان کردبوو، باسی لەسەر بکەن. ئەوان نەیاندەتوانی مەسەلەی دیالۆگ کە لە لایەن ئەکسەریەتەوە مەترەح کرابوو، ڕەدی بکەنەوەو، ئەو دیالۆگە دەستی پێکرد، وردە وردە چۆوە پێشێو لە واقیعدا مەیدان یا بڵێین بەهانەی جودابوونەوەی ئەوانی وەدوا خست. دیارە ئەوە بەشێکیەتی. بەشێکی دیکەشی ئەوەیە کە من بەش بە حاڵی خۆم پێم وایە کە ئەو پشتیوانییەی کە دەبوایە لێیان بکرێ بۆ جودابوونەوەکەیان، هێشتا نەگەیشتبووە مەرحەلەی نەهایی، دەبوایە بڕێك تەئخیری بایەو ئەوەش مەسەلەیەك بوو کە ئەوان ئامادە بوون کە بڕێکی دیکەی درێژ بکەنەوە، بەڵام هەروەکوو لە پرسیارەکەی پێشوودا عەرزم کردن، وەختێك کە

بڕیاردەرانی ئەو پرۆژەیە ئیحساسیان کرد کە درێژکردنەوەکەی لەوە زیاتر بۆیان تەحەممول ناکرێو بە زەرەریان تەواو دەبێ، ئەوە بوو کە راگەیاندنی کتوپڕمان دیت لە جودابوونەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران.

**"تیشک تیڤی": بەڕێز کاك مستەفا! ئەو چەند کەسە کە جیا بوونەوە، لە کاتی خۆیدا، کاتێك کە نامەکەیان نارد بۆ دەفتەری سیاسیو هەروەها لەسەر سایتەکان بڵاویان کردەوە لە رێکەوتی ٧ی گەلاوێژی ٨٥، نووسیویانە: "کەڵك وەرنەگرتن لە نەزەری گشتیو خۆ بێنیاز دیتن لە بیروراوێژی هاوڕێیانو تەنانەت زۆرجار ئەندامانی پلەی هەرە سەرەوەی رێبەرایەتیش ...". نەزەری جەنابتان لەو پێوەندییەدا چیە؟**

**کاك مستەفا:** ئەوان مەبەستیان لە رای گشتی تەنیا نەزەری خۆیانە، نەزەری ئەو کەسانەی کە لە کۆنگرەدا هەڵنەبژێردراونەتەوە. لەوە زیاتر رای گشتی چیە کۆمیتەی ناوەندییەك کە بە دەنگی دێموکراتیکی هەزاران نەفەر لە ئەندامانی حیزبی هەڵبژێردراونو ئەندامانی رێبەرایەتیی حیزب هەر کامەیان بە شێوەی راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ نوێنەرایەتیی سەدان کەس لە ئەندامانی حیزب دەکەن کە نوێنەرایەتییان داوە بەوان بۆ ئەوەی کە مەسەلەکان مەترەح بکەن. رای گشتی بە مانای ئەوەیە، نەك ئەوەی کە ئەوان دەیانەوێ هەیئەتێك پێك بێ لە چەند نەفەر ریش سپی کە بێن مەسەلەکانی حیزبی مەترەح بکەن. کەوابوو بۆ ئەوان مەسەلەکەو رای گشتیو "خرد جمعی" یانی خێرەدی خۆیان نە خەڵکی دیکە، چونکە ئەوان باوەڕیان بە رەئی خەڵکی دیکە نەبووە. ئەگەر باوەڕیان بە خەڵکی دیکە هەبوایە، ئەگەر باوەڕیان بە خێرەدی جەمعی بوایە، لە سیستمی دێموکراتیکدا هیچ خێرەدی جەمعییەك، هیچ نەزەرێکی گشتی، دێموکراتیکتر، حەقترو رەواتر لە دەنگی نوێنەرانی هەڵبژێردراوی خەڵکەکەدا نیە.

**"رۆژنامەی ئاگری": کاك مستەفا! تاقمی جیابۆوە لە حیزب، کۆمیتەی ناوەندیی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی ١٣ی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە نادێموکراتیك دەزانن و دەڵێن مافی ئەقەلییەت لە لایەن ئەوانەوە نە پارێزراوە. راو بۆچوونی ئێوە لە سەر ئەو ئیددیعایانەی ئەوان چیە؟**

**کاك مستەفا:** ئەو مەسەلەیەش جالبە، چونکە رەئی گشتی، دێموکراسی، پێك هاتوە لە رەئی ئەکسەریەت، دیارە تەبیعەتەن بە لەبەرچاوگرتنی حقووقی ئەقەلییەتەوە. بەڵام تاریخ سەنەدی جالبمان پێ نیشان دەدا، یەکێك لەو سەنەدانە ئەوەیە کە قسەی بەڕێز حەسەنزادە لە کاتێکدا کە لە دەسەڵاتدا بووە، دوای کۆنگرەی ١٠ کە لە دەسەڵات دایە، ئەکسەرییەتی بەدواوەیە، لەوێدا چۆن باسی دێموکراسی دەکا، چۆن باسی ئەکسەرییەتو ئەقەلییەت دەکاو، ئێستا دوای کۆنگرەی ١٣ کە لە دەسەڵاتدا نەماوە، چۆن باسی ئەکسەرییەتو ئەقەلییەت دەکا. لە نەوارێکدا کە لەبەر دەست دایەو ئەخیرەن لەسەر سایتەکانی ئینتێرنێتیش بڵاو کرایەوە، دوای کۆنگرەی ١٠ لە کۆبوونەوەیەکی گشتیدا لە ساڵۆنێکی دەفتەری سیاسی، لە جەمعی تێکەڵاوی رەفیقەکانی حیزبی دەگەڵ رێبەرایەتیی شۆڕشگێڕ کە تا ئەودەم تێکەڵ نەبوونەتەوە، لەوێدا بەحسێك دێتە پێشێ، قسە دەکرێ بۆ خەڵکەکە، نەزەری مامۆستا لە رابیتە

دەگەڵ مەسەلەی دێموکراسی، پێم خۆشە بۆتان بخوێنمەوە کە عەینی نەوارەکەی مەوجوودەو وەك عەرزم کردن پیادەمان کردوە. مامۆستا لەو کۆبوونەوەدا لە جوابی قسەی هاوڕێیانی دیکە بە تایبەت کاك جەلیلی گادانی کە ئەودەمی لە ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێڕ لە سەرکردایەتیدا بوو، بەو شێوە باس دەکا: "... بەڵام ئیختیلافی نەزەر لەگەڵ ململانێو راکێشان بەملاو ئەولادا فەرقی هەیە." عەینی ئەو شتانەی کە بۆخۆیان ئێستا کردوویانە. "ئیختیلافی نەزەرمان بووە لە کۆنگردە دەیەمدا، بۆیە نەزەریاتێك چوەتە پێشێ کە رەنگە من بە دڵم نەبێ، رەنگە نەزەراتێك چووبێتە پێشێ فلان کەس بە دڵی نەبێو ئیلا ئاخر. بەڵام ئیدی ئەوە تەنیا مێعیارێکە لە دنیادا پەسند کراوە، دەبێ وەکوو حەکەم رەچاوی بکەین، هیچ چار نیە. ناتوانین رێك کەوین لەسەر مەوزووعێك هەمووومان، ناکرێ هەر کەسە بۆ لایەکی بکێشین، چونکی دەیپسێنین، چار چیە؟ دەڵێین ئەکسەریەتەکە نەزەری چی بوو، ئەوە جێبەجێ دەبێ."

هەر لە ئیدامەی ئەو باسانەدا دەڵێ: "پێتان دەڵێم، پێم خۆشە بە پێی ئوسوول حیزب ئیجازەی دابایە هەر رۆژی دوای کۆنگرە خەڵك نەزەراتی خۆی دەربڕێ. بەڵام نەزەراتی خۆی کوتبایە، نە تەوهین بکا، نە سەرپێچی لە بڕیاران بکا نە بڕیاراتی حیزبی بەرێتە دەرێ، بەڵام حەتتا لەگەڵ تەسویبی ئەوەش ئێمە هیچ رێگایەکمان نیە بۆ ئەقەلییەت، غەیری بەڕێوەبردنی بڕیاری ئەکسەرییەت."

ئێستا ئەو قسانەی کە بەڕێز حەسەنزادە ئەودەمی لە دەسەڵاتدا کردوویەتیو رێگا بۆ ئەقەلییەت نیشان دەدا، چاو لێ بکەن دەگەڵ قسەکانی ئەو کاتەی کە لە دەسەڵات دەکەوێ. ئەو راستییانە نیشان دەدەن کە ئەو قسانە شتێك نین بێجگە لەوەی کە ئەو کەسانەی کە ئەو شتانە دەڵێن ئەسڵەن باوەڕیان بە دێموکراسی نیە. دێموکراسی بۆ ئەوان وەختێك ئەهمیەتی هەیە کە بۆخۆیان لە دەسەڵات دان، خەڵك رەئییان دەداتێ، تەئیدیان دەکا، بەڵام کاتێك هەر ئەو خەڵکە، ئینتقادیان لێ دەکا، نەزەرو بۆچوونەکەی قەبوول نیە، ئەودەمی دێموکراسی دەکەوێتە ژێر ئەنواعی تەفسیراتو تەوجیهاتێك کە بۆخۆیان دەیانەوێ بە کاری بێنن. ئەمن شتێکی دیکەم لەبەر دەست دایە پێم خۆشە ئیشارەی پێ بکەم، لە نامەیەکدا کە بەڕێز حەسەنزادە دوای کۆبوونەوەیەکی سالۆن باسی کردوە، (مامۆستا لەسەر داوای خۆی لە سالۆن کۆبوونەوەی گرت بۆ خەڵك، بەڵام لەو کۆبوونەوەیەدا ژمارەیەك لە کادرو پێشمەرگەکانی حیزبی لە سالۆن هەستابوونەوەو نەزەری مامۆستایان بەرپەرچ دابۆوە، رەخنەیان لێی هەبوو، مامۆستا لەو رەخنەگرتنە ئەوەندە ناڕەحەت بوو کە رۆژی دوایی نامەی نووسیوە بۆ دەفتەری سیاسی) دەڵێ: "دوێنی لە پێوەندی دەگەڵ کۆبوونەوەیەکدا کە داوام لێ کرابوو بیگرم. ـ دیارە داوای لێ نەکرابوو، بۆخۆی داوای کردبوو ـ هێندێ شتم بەر گوێ کەوت، بێ ئەوەی بچمە نێو جوزئیاتی ئەو شتانەوە، پێم باشە بەم نامەیە عەرزتان بکەم. لەمرۆ بەدواوە هەر کۆبوونەوەیەکی گشتی بۆ باس لە مەسەلە نێوخۆییەکان بگیرێ، هەرکەس بەڕێوە بەرێ، تێیدا بەشدار نابم." بۆ بەشدار نابێ؟ چونکە رەخنەی لێ دەگیرێ، چونکە خەڵکەکە بە شێوەی دێموکراتیك فێر بووە نەزەری خۆی دەردەبڕێ، ئەمما ئەو، ئەو نەزەرانەی ناوێ، ئەو کۆبوونەوەیەکی دەوێ کە هەمووو کەس نەزەری تەئید بکا، هەمووو کەس "لبیك"ی بۆ بڵێو بەیعەتی پێ بکا. ئیشکالی کارەکەی ئێمە لەوەدایە

چونکە بەداخەوە ماهییەتەن دێموکرات نین، کاتێك کە لە دەسەڵات داین دێموکراسی بۆ ئێمە مەعنایەکی هەیە، کاتێك دەسەڵاتەکە لە دەست دەدەین، دەبینە ئەقەلییەت، ئەودەمی مەسەلەکە بە شێوەیەکی دیکە تەغییر دەکاو، ئەو قسەیەی کە ئەوانە لەو رابیتەدا کە ئێوە ئیشارەتان پێ کرد دەیکەن، دروست جەوهەرەکەی ئەو مەسەلەیە، دەنا بەهیچ جۆر بە مانای ئەوە نیە کە ئێستا کارێکی کە دەکرێ دێموکراتیك نیە، نەزەری گشتی نیە، رەنگە نەزەرێك غەڵەتیش بێ، ئیشتباش دەرچێ، بەڵام کاتێك رێبەرایەتیی حیزب دەیدا، ئورگانی هەڵبژێردراو، سەڵاحییەتدار بە پێی قانوون دەیدا، دەبێ بەڕێوە بچێ. هەر ئەوەی مامۆستا باسی دەکا، چارەی دیکەمان نیە.

**"گۆڤاری لاوان" : بەڕێز کاك مستەفا! ئەوان دەڵێن زۆر لە کادرو پێشمەرگەکانتان ـ مەنزووری جەناحی ئەوکاتی خۆیانە ـ تەنیا بە تاوانی جودابیری یان بڵێین بە تاوانی بیرکردنەوەی جیاواز لە حیزب دەرکردوە یا سزاتان داون. لەمەڕ ئەو ئیددیعایە چ دەفەرموون؟**

**کاك مستەفا:** ئەمن ئەوەی حاشا لێ ناکەم کە ژمارەیەك لە کادرو پێشمەرگەی حیزبی نەك لەو دەورەیەدا، لە هەموو مەرحەلەیەکدا لە ئەسەری خیلافات، لە ئەسەری گێرەو کێشە سازکردن، لە ئەسەری ئەنواعی مەسایلێك کە لە چوارچێوەی حیزبایەتیدا ناگونجێ، سزا دەدرێن، رێنوێنی دەکرێن‌و تەنانەت دەردەکرێن. ئەوە تەنیا لە دوای کۆنگرەی ١٣ نەبووە، بەڵکوو پێشتریش بووە. یەکێك لە هاوڕێیانمان کاتێك کە ئەو مەسەلە مەترەح بوو، لە کۆبوونەوەیەکدا رایگەیاند کە ئەگەر ئەو رەفیقانە دەڵێن کە ئەوەندە نەفەرە لەو فاسیلەیەدا سزا دراون‌و دەرکراون، ئێمە ئامارمان هەیە لە ئارشیودا کە ژمارەی کەسانێکی کە لە پێش کۆنگرەی سێزدەدا، لە زەمانی دەسەڵاتداریی ئەواندا دەرکراون، هەر لەو ماوە مەحدوودەدا، زۆر زۆر زیاترە. بەڵام ئەوەش دەگەڕێتەوە سەر ئەوە کە بۆ ئەوەی کە بمانەوێ رەئی دێموکراتیکی خەڵکی کە بە قازانجمان نەبوو، پێشێلی بکەین، دێین پەنا دەبەینە بەر ئەو جۆرە قسانە. ئەوەش لە واقیعدا لە تاریخی حیزبی ئێمەدا رەنگی داوەتەوە، ئەمن بۆ تاریخ بۆتان باس دەکەم کە کاتێك کە لە رێکەوتی ١٣٦٧/١/١ جەمعێك لە کادرو پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات دوای کۆنگرەی هەشتەم لە حیزبی دێموکرات جودا بوونەوەو دوایە نێوی "حیزبی دێموکرات (رێبەرایەتیی شۆڕشگێڕ)"یان لەسەر خۆیان دانا کە ئێستا جەوهەری ئەو جودابوونەوەش هەر لەوان پێك دێ، لە واقیعدا ئەوانیش دروست مەسەلەیەکی ئاوا مەترەح دەکەن‌و دەلیلێکی ئاوا دێننەوە بۆ حەقانییەتی خۆیان. جا من ئەوەی دەخوێنمەوە موقایسەی دەکەم لەگەڵ ئەو قسانەی کە ئێستا دەکرێ بزانن چەندە پێك مەربووتن‌و چەندە لێك نزیکن. لە ئیعلامیەی جودابوونەوەدا کە عەرزم کردن رێبەرایەتیی شۆڕشگێڕ لە ١٣٦٧/١/١دا داویەتی، هەر لەو پێوەندییەدا دەڵێ: "ئەم فراکسیۆنە ـ ئەو فراکسیۆنە مەبەستی حیزبی دێموکراتە کە ئەودەمی بە دوکتور قاسملووی شەهیدو دوکتور سەعیدی شەهیدو زۆر کەسی دیکەیان دەگوت ـ دەڵێ ئەم فراکسیۆنە بۆ خەفەکردنی هەرچەشنە ئیعتیرازێك دژی ئەو سیاسەتە لە هەر قۆناخێکدا بە بیانوویەك دەستی کردوە بە پاڵاوتنی بێ‌جێ‌و بێ‌مانا لە نێو حیزبدا کە لە ئاکامی ئەو پاڵاوتنانەدا ژمارەیەکی بەرچاو لە ئەندامانی وشیارو خەباتگێڕ(!) پاڵێو بوون یا لە

حیزب دەرکراون." ئێستاش جیابۆوەکانی ئێستا لە ئیعلامیەکەیاندا ئەوە دەڵێن. ـ ئەوە نامەی ٨٥/٥/٧ـە کە ژمارەیەك لە کادرو پێشمەرگەکان ئیمزایان کردوە داویانە بە ئێمە کە ئێستا لە حیزبی دێموکرات جودا بوونەتەوە. دەڵێ: "زۆر لە کادرە تێکۆشەرە لەمێژینەکان لە پەراوێز خراونو لەوان بەرەو ژێرتریش بە دەیانو سەدان کەس ئەگەریش بیانوویەکی رواڵەتییان بۆ تاشرابێ، تەنیا بە تاوانی جیابیری تەنگیان پێ هەڵچنراوە، بێرەو بەوێدا دراون، زیندانیو تەوبیخو تەعلیقو تەنانەت دەرکراون." دیققەت بکەن چۆن تاریخ دوو بیروبۆچوونی نادێموکراتیك پێکەوە گرێ دەداتەوە. دیسان هەر لەو پێوەندییەدا، رێبەرایەتیی شۆڕشگێڕ لە جودابوونەوەکەی خۆیدا خاڵێکی دیکەش مەترەح دەکاو دەڵێ: "ئەوان ـ مەبەستی بە قەولی ئەوان فراکسیۆنە ـ ئەوان بە فێڵو تەڵەکەی جۆراوجۆر وەك تەماع وەبەرنان، قەولی پلەپێدان بە ئەمو ئەوو هەڕەشەکردن لە هێندێك لە نوێنەران توانییان لیستێکی فیکس لە کەسانێك کە پێشتر لەبەرچاو گیرابوون، بەسەر نیوەی نوێنەراندا بسەپێنن." هەر لەو پێوەندییەدا ئەو برادەرانە کە ئێستا جیا بوونەتەوە، ئەوانیش ئاوا دەڵێن: "قۆڵی دەسەڵاتداری کۆمیتەی ناوەندی زۆرجار هەم پێش کۆنگرەی ١٣و هەم دواتر بۆ راکێشانی نەزەری ئەندامانی حیزب پەنای بۆ دروشمو وادەو بەڵێنی ناواقیعیو کورتخایەن بردوە."

ئەمن پێم وابێ لەو پێوەندییەدا بێجگە لەوەی کە پێشتر عەرزم کردن، جەوهەری ئەو بیروبۆچوونانە لە نادێموکراتیك بوونی ئەو لایەنانەوە سەرچاوە دەگرێ، بێجگە لەوە ئەسڵەن ئەوە ئیهانەت کردنە بە بەدەنەی حیزب. لێرەدا دەیهەوێ وا نیشان بدا کە بەدەنەی حیزبی دێموکرات ناوشیارە، نائاگاهە، بۆیە فریو دەدرێ، وەعدەیان پێ دەدرێ، بەو وەعدەو فریوانەوە دێن رەئی دەدەن بە جەمعێكو رەئی نادەن بە جەمعێکی دیکە، لە حاڵێکدا ئەوە دروست بە پێچەوانەیە. بەدەنەی حیزب بەدەنەیەکی ئاگاهە، وشیارە، حیزبی خۆی باش دەزانێو ئەو کەسانەی کە حیزب بەجێ دێڵن ئەوانیش باش دەناسێ، نموونەی هەرە زیندووی ئەو مەسەلەیە کۆنگرەی سێزدەیە، لە کۆنگرەی ١٣دا بەدەنەی وشیاری حیزبی دێموکرات لە شێوەی کاری رێبەرایەتیی پێشوو وەزاڵە هاتبوو، ئەو رێبەرایەتییە حیزبی بەرەو نەمان دەبردو بەدەنە پێی ناڕازی بوو، بەدەنە پێی وابوو دەبێ فەعالییەت بکرێ، دەبێ حیزب زیندوو بکرێتەوە، بۆیە لە واقیعدا یاغی بوو بە دژی ئەو رێبەرایەتییەو رەئی پێ نەدا، ئەوە نەتیجەی ئاگاهی ئەو بەدەنەیە نەك ئەوەی کە وەعدەیان پێ دراوەو فریو دراونو نازانم کڵاویان لەسەر نراوەو ئەوانە. بە هیچ جۆر مەسەلەکە بەو جۆرە نیە.

**"گۆڤاری ژنان": بەڕێز کاك مستەفا هیجری! ئەوان لە راگەیاندنو وتووێژەکانی دوای جودابوونەوەیان دروشمو وەعدەی جوانی زۆریان داوە وەك، وەعدەی نوێبوونەوە. ئێوە لەسەر ئەو دروشمانە دەڵێن چی؟ هەروەها لە دەقی نووسینی هێڵە گشتییەکانیان کە دوای جودابوونەوەیان رایانگەیاندوە لەسەر ژنان، راستییەکی زەقو حاشا هەڵنەگر ئەوەیە کە نەخشی ژنانو بەشداریی ژنان لە بەڕێوەبەریی کاروباری حیزبیدا لە کۆنەوە تا ئێستا یەگجار کەمو**

**ناتەواو بووە، بۆیە پێویستە هەر لە ئێستاوە میکانیزمێك دابنرێو پیادە بکرێ کە بەشداریی ژنان لە رەدە جۆراوجۆرەکانی رێبەرایەتی‌دا مسۆگەر بکاو بەردەوامیش پەرەی پێ بدا.**

**کاك مستەفا:** مەسەلەکە زۆر روونە، ئەوەش شیعارێکە دەیدەن، بەڵام دانی شیعار پێویستیی بە ئیجراکردن هەیە. نوێبوونەوە شتێکی زۆر باشە لە کۆمەڵگای ئێمەدا. زۆر باشە ئەگەر بۆ خۆمان وەکوو کەسایەتی نوێ بینەوە، خۆمان لەگەڵ ئاڵوگۆڕەکانی دنیا هەماهەنگ بکەین‌و لەو پێوەندییەدا مافی ژن دێتە ئاراوە، بەشداریی ژنان لە بەدەنەی حیزب‌و رێبەرایەتیی حیزبدا دێتە ئاراوە کە ئەوان ئیشارەیان پێ کردووەو دەیانەوێ جێبەجێی بکەن. بەڵام راستییەکەی ئەوەیە کە من بە نیسبەتی ئەو شیعارەی کە ئەوان دەیدەن گومانم هەیە. لەبەر ئەوە گومانم هەیە کە کێن ئەوانەی کە دەیانەوێ نوێ ببنەوەو ئەو تازەگییانە بێننە نێو حیزبی دێموکرات؟ خۆ ئەوان دەمڕاستەکانیان تەمەنیان لە دەوروبەری ٧٠و، ٧٠ بەرەو ژوورە. باشە تۆ بڵێی جەمعێکی ئاوا بتوانێ نوێ بێتەوە؟! بتوانێ خۆی لە پێشدا نوێ کاتەوەو دوایە حیزبەکەی نوێ بکاتەوە؟! ئەگەر شتێکی ئاوا بێ، ئەوە ئیستسنایەك دەبێ لە دنیادا. ئەوە لە لایەك، لە لایەکی دیکەشەوە ئەوەی کە گومانەکە قایمتر دەکا ئەوەیە کە باشە ئەوان ماوەی ١٠ ساڵ لە دەسەڵاتدار بوون، ١٠ ساڵ ئەکسەرییەت بوون، ١٠ ساڵ سکرتێری حیزب بوون، باشە ئەو نوێبوونەوەو بەشداریی ژنانیان لە رێبەرایەتیی حیزبی دێموکراتدا بۆ ئەو دەمی نەهێنا ئاراوە؟ بۆ ئەو دەمی جێبەجێیان نەکرد ئێستا دەیانهەوێ بیکەن؟! ئەوان لە ماوەی ١٠ ساڵ دەسەڵاتداریی خۆیاندا کام پرۆژەی پێشکەوتوو، کام پێشنیاری تازە، کام فکری نوێ کە نیشانەی نوێبوونەوە بێ هێنایانە نێو حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە ئێستا دەیانهەوێ بیکەن؟! مەگەر ئەوانە هەر ئەو جەمعە نین کە ئەودەمیش لە رێبەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا بوون؟ چیە دەورانەکە گۆڕاوە یا ئەوان گۆڕاون؟ بۆیە من بەش بە حاڵی خۆم ئەوەی بە شیعارێك زیاتر نابینم، لەگەڵ ئەوەی کە ئاڵوگۆڕم زۆر پێ باشە، زۆرم پێ پێویستە، هیوادارم ئەوانیش بتوانن ئەو ئیستسنایە لە تاریخدا جێبەجێ بکەن‌و ئاڵوگۆڕو نوێبوونەوە لە خۆیاندا پێك بێنن، بە نیسبەتی مەسەلەی لاوان، بە نیسبەتی مەسەلەی ژنان‌و، باقیی مەسەلەکان کە پێوەندیی بە نوێبوونەوە هەیە لە دنیای ئەوڕۆو دەوروبەری خۆماندا.

**"گۆڤاری بیری خوێندکار": بەڕێز کاك مستەفا! ئەو تاقمە جیابووە لە حیزب دەڵێن کە ئێمە لەگەڵ حیزبی دێموکرات خۆمان بە دوژمن نازانین، تەنانەت ئامادەی دامەزراندنی پێوەندییەکی دۆستانە لەگەڵ حیزبی دێموکراتداین. جەنابتان وەك سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، راتان سەبارەت بەو مەسەلەیە چیە؟**

**کاك مستەفا:** من لەو ئیددیعایەشیان بە شکم. بەتایبەتی ئەو دەمی گومانم زیاتر بوو کە ئەوان دوای جودابوونەوەکەیان نێوی حیزبی دێموکراتیان بۆخۆیان داناوە، رۆژنامەی کوردستان کە هی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانە، ئەوان رۆژنامەکەیان بەو نێوە داناوە، ئارمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیان

هەڵگرتوە، لە حاڵێکدا ئەوان‌و هەموو خەڵکی دنیا باش دەزانن کە ئەوان حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران نین. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ئەو حیزبەیە کە لە جێگای خۆیەتی، ئەو حیزبەیە کە رێبەرایەتییەکەی لە کۆنگرەیەکی دێموکراتیکدا هەڵبژێردراوەو ئەو حیزبەیە کە ئەکسەرییەتی رێبەرایەتییەکەی‌و ئەکسەرییەتی بەدەنەی حیزبەکە لەگەڵیەتی. ئەوە بە پێی قانوون‌و عورفی هەموو دنیایە ئەوە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانە، بۆیە ناکرێ حیزبێکی ئەسڵی هەبێ، ئەوجار هەر گرووهێکی کە جودا دەبێتەوە، نێوی ئەو حیزبە لەسەر خۆی دابنێ‌و خۆی بە حەقدار بزانێ‌و باقییەکەی دیکە بە ناحەق. بۆیە من لەوەشدا گومانم هەیە، پێم وابێ کاتێك کە ئەوان ئەو نێوو عینوانەیان بۆخۆیان هەڵبژاردوەو دیاری کردوە، ئەوە دروست بە پێچەوانەی ئەو ئیددیعایە کە دیکەن. ئەوە ناتوانێ مەسەلەی دۆستایەتی‌و هاوپێوەندی‌و هاوکاری بەینی ئێمەو ئەوان خۆش بکا. هیوادارم کە ئەگەر لەسەر ئەو ئیددیعایەی خۆیان‌و لەسەر ئەو شیعارەی خۆیان راست دەکەن، نێوێکی دیکە، عینوانێکی دیکە بۆخۆیان هەڵبژێرن، ئەگەر ئەو کارەیان کرد، زەمینە بۆ دۆستایەتی فەراهەم دەبێ. دەنا ناکرێ ئەوان بە نێوی حیزبی دێموکرات کار بکەن‌و ئیددیعاش بکەن کە دەیانەوێ لەگەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پێوەندیی دۆستانە دابمەزرێنن.

**"رادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران": ئێوە پێتان وایە کە دەستێك لە پشت ئەو جیابوونەوەوە هەیە؟**

**کاك مستەفا:** دوای رووخانی رێژیمی پاشایەتی‌و هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامیی ئێران لە حیزبی دێموکراتدا بێجگە لەو جودابوونەوەی دوایی، ئێمە شاهیدی دوو جودابوونەوەی دیکەشین. جودابوونەوەی ئەوەڵ دوای کۆنگرەی ٤ بە پشتیوانیی حیزبی توودە جێبەجێ بوو، ئەودەمی حیزبی توودە لەسەر ئەو باوەڕە بوو کە کۆماری ئیسلامیی ئێران کۆمارێکی پێشکەوتنخوازە، دژی ئیمپریالیستییە، بۆیە هەر هێزێك کە دژی ئەو حکوومەتە کار بکا، لە رەدیفی زیدی ئینقلابدا قەرار دەگرێ. ئەوان توانییان بە وەسیلەی عەوامیلی خۆیان کە لە ژێر تەئسیری ئەفکاری توودەو ئەو فکرە بوون، ئینشعابێك لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا پێك بێنن دوای کۆنگرەی ٤، کە ئەوان نێوی خۆیان نا "حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ـ پەیرەوانی کۆنگرەی چوارەم"، کە دیتمان ئەوان لە واقیعدا بوونە بەشێك لە تاریخ، تەواو بوون‌و هیچیان بەسەر هیچەوە نەما، نە فکرەکەیان‌و ئیدئۆلۆژییەکەیان واقیعییەتی پەیدا کرد نە بۆخۆشیان مانەوە.

جودابوونەوەی دووهەم، لە دوای کۆنگرەی ٨ پێك هات ـ ئەوەی کە تاریخەکەم بۆ خوێندنەوە ـ ئەوان بە پشتیوانیی موجاهیدینی خەڵق ئەودەمی ئەو ئینشعابەیان پێك هێناو، دوایە لە کۆنگرەی ١٠ گەڕانەوە نێو حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران‌و ئێستاش "خمیر مایە"ی ئەو ئینشعابەیان دووبارە پێك هێناوەتەوە. ئەوەش دەبێ دوایە قەزاوەت بکەین بزانین ئایا دەستێکی لە پشتە یا لە پشتی نیە.

**"ڕۆژنامەی کوردستان" : بەڕێز کاک مستەفا! ئێوە پێتان وایە لەم پرۆسەیەدا ـ مەبەستم دوای کۆنگرەی سێزدەیە یا کاتی جیابوونەوەی ئەو هاوڕێیانەی پێشوومان ـ کۆمیتەی ناوەندیی حیزب بە نسیبەت ئەو هاوڕێیانەوە هیچ هەڵەیەکتان نەبووە؟**

**کاک مستەفا:** من پێم وابێ هیچ ئینسانێکی زیندوو، ئۆرگانیزاسیۆنێکی زیندوو ناتوانێ بڵێ هەڵەم نەبووە. تەبیعەتەن وەختێك ئینسان کار دەکا، وەختێك ئۆرگانیزاسیۆنێك کار دەکا، لە خەتاو لە ئیشتبا "مُبرا" نیە، بەڵام موهیم ئەوەیە کە ئایا ئەو خەتاو ئیشتبایانەی کە دەکرێ، لایەنێك کە بەو ئیشتبایانە دەزانێ، دەیهەوێ ئەو ئیشتبایانە ئیسلاح بکا، یارمەتیی بدا بۆ ئەوەی کە کارەکان باشتر بچنە پێشێ یا دەیکاتە بەهانەیەك بۆ جودابوونەوە. کەوابوو من بە هیچ جور مودەعیی ئەوە نیم کە نە من بۆخۆم، نە ئەکسەرییەتی رێبەرایەتیی حیزب لەو ماوەیەدا کە کارەکانی کردوە، لە کارەکانیدا ئیشتباو هەڵەی تێدا نیە، بەڵام یەك شت دەتوانم بڵێم، ئەویش ئەوەیە کە بە نیسبەتی ئەو برادەرانەی کە ئێستا جودا بوونەتەوە، رێبەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانو من بۆخۆشم یەکێك لەوان، ئێستا هیچ شتێکم پێ شك نایە کە بڵێم بریا فلان کارمان کردبایە بۆ ئەوەی کە نەڕۆیشتبان، هەرچی لازم بووەو هەرچی بە عەقڵماندا هاتوە، کردوومانە بۆ ئەوەی کە بەرگری بکەین لەو جودابوونەوەیە. دەلیلەکەشی زۆر روونە، چونکە ئەو جودابوونەوەیە، جارێ ئەوەڵەن ئەمن پێم خۆش نەبووە کە لە کاتی سکرتێریی مندا ئینشعابێك لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا بێتە پێشێ. رێبەرایەتیی حیزبی دێموکرات بە پێی هەست بە مەسئولییەتێك کە دەیکاو لە رێبەریی حیزب دایەو ئەکسەرییەت پێك دێنێ، پێی خۆش نیە جەمعێك لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران جیا ببنەوە، چونکە ئەوە بە قازانجی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران نیە، بۆیە هەرچی لە دەستمان هاتوە لەو رابیتەدا کردوومانە، بەڵام وەکوو لە پرسیارەکانی پێشوودا عەرزم کردن، بەداخەوە ئەوە بڕیارێك بوو کە درابووو جوداییەك بوو کە دەبوایە جێبەجێ بکرێ.

**"گۆڤاری ژنان" : بەڕێز کاک مستەفا هیجری! هەستان بەرامبەر ئەو جیابوونەوەیە چیە؟**

**کاک مستەفا:** تەبیعەتەن ئەمن بە نیسبەتی ئەو جیابوونەوەیە کە جەمعێك لە کادرو پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیان لەگەڵەو، لە نێو ئەوانەشدا کەسانێکیان تێدا هەیە کە زەحمەتیان زۆر کێشاوە لە سەتحی رێبەرایەتیدا، کەسانێکیان هەیە کە لە بەدەنەی حیزبدا لە سەر واقعییەتەکان بەو جۆرەی کە لازمە ئاگادار نین، رەگەڵیان کەوتوون، تەبیعەتەن پێی ناڕەحەتم، پێم ناخۆشە. تەنانەت رۆیشتنی یەك پێشمەرگەو پشت لە حیزب کردنی یەك پێشمەرگەش بۆ من ناخۆشە، بۆیە ناڕەحەتم بە جودابوونەوەی ئەو جەمعە کە لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا رۆیشتوون، بەڵام لە لایەکی دیکەشەوە، بە پێی ئەو شناختەی کە من لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هەمەو بە پێی ئەو تەجروبەیەی کە لە ئینشعابەکانی رابردوودا کە ئیشارەم پێ کرد هەمە، وای دەبینم کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران قەڵایەکی یەگجار زۆر گەورەو بە هەیبەتەو،

به جودابوونەوەو ڕۆیشتنی گرووپی ئاوا، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران تەکان ناخواو ئەوە واقیعییەتێکە کە ئێمە لە جودابوونەوەکانی رابردوودا دیومانەو لەوەشدا حەتمەن تاقیی دەکەینەوە. بۆیە دەگەڵ ئەوەی کە جارێکی دیکە ئەمن تەئەسوفو ناڕەحەتیی خۆم لە ڕۆیشتنی ئەو برادەرانە کە هاوڕێی ئێمە بوون، رادەگەیەنم، بەڵام هیچ گومانم لەوەدا نیە کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، هەروەك رابردوو قورسو قایم دەمێنێتەوە، موبارێزەی خۆی درێژە دەداو، دیسان حیزبی خۆشەویستی کۆمەڵانی خەڵکی کورد لە کوردستانی ئێرانو لە ناوچەدا دەمێنێتەوە.

**"رۆژنامەی ئاگری": کاك مستەفا هیجری! یەکێك لە پرسە گرنگەکان لەو بارەوە، پشتیوانیی بەرینی خەڵك، واتە گەلی کورد لە کوردستانی ئێرانە. هەڵوێستی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران لە ناوخۆو دەرەوەی وڵات بە نیسبەت جیابوونەوەی ئەم جەمعە لە کادرو پێشمەرگەکان، چۆن هەڵدەسەنگێنن؟**

**کاك مستەفا:** من بە بێ ئەوەی کە شیعار بدەم، ئەو ئیتلاعاتەی بە دەستی من گەیشتوە، چ ئەو ئیتلاعاتەی لە لایەن ئۆرگانەکانی مەربووتەوە لە حیزبی دێموکراتدا بە من دەگا، چ ئەو ئیرتباتاتەی راستەوخۆ لەگەڵ خۆم هەیە لە رێگای ئیمەیلو تەلەفوونەوە لە نێوخۆو دەرەوەی وڵات، مەجمووعەی ئەو ئینعکاسەی کە لە خەڵکدا دەیبینم، بێجگە لەوەی کە ئەوانیش ئیزهاری تەئەسوف دەکەنو ناڕەحەتن بەوەی کە جەمعێك لە ریزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران جودا بوونەتەوە، بەڵام زیمنی دەربڕینی تووڕەییو ناڕەحەتیی خۆیان لەو هەڵوێستەی کە ئەوان گرتوویانە، بەگشتی پشتیوانیی خۆیان لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانو پشتیوانیی خۆیان لە کۆنگرەی ١٣و رێبەرایەتییەك کە هەڵبژێردراوی کۆنگرەی سێزدەیە دەربڕیوەو ئیعلامی پشتیوانیو وەفاداریی دووبارەی خۆیان لەگەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دووپات کردوەتەوەو بەڵێنییان داوە کە کارو فەعالییەتو تێکۆشانی خۆیان زیاتر لە رابردوو پەرە پێ بدەن، بۆ ئەوەی جێگای ئەو کەسانە بەتاڵ نەبێ لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا، لە دوای ڕۆیشتنی ئەو کەسانەی کە لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران جودا بوونەتەوە. رەنگە دەرسەدێکی زۆر کەم یا زۆر زەعیف لە خەڵکانێك هەبن کە تاکوو ئێستا مورەدەدەن، چونکە ئیتلاعاتی دەقیقیان نیە، لە وەزعییەتەکە باش حاڵی نین، بۆیە مورەدەدن، بەڵام من پێم وابێ کە لە داهاتوویەکی زۆر نزیکدا ئەوانیش بڕیاری خۆیان دەدەنو وەفاداریی خۆیان بە حیزبی پێشڕەوی گەلی کورد، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران رادەگەیەنن.

**"تیشك تیڤی": بەڕێز کاك مستەفا دوایین وتەتان لەو پێوەندییەدا چیە؟**

**کاك مستەفا:** قسەیەکی کە لێرەدا هەمە، لە واقیعدا سوپاسگوزاریو قەدرزانینە لە خەڵکی کورد لە کوردستانی ئێران، لە هەموو دڵسۆزانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە هەر جێگایەکی هەن، کوردی بەشەکانی دیکەی کوردستان وەکوو دۆستانمان لە کوردستانی عێراق، لە کوردستانی تورکیە، لە کوردستانی سووریە. پێم خۆشە

ئەوەتان عەرز بکەم کە لە پرۆسەی ئەو دیالۆگو بەحسانەدا کە نیگەرانییەکی یەگجار زۆر بۆ خەڵکی کورد بەتایبەت لە کوردستانی ئێران فەراهەم ببوو بە نیسبەتی ئەو مەسەلەیەوە، خەڵکەکە نیگەرانی ئەو جودابوونەوە بوون، تەماسێکی یەگجار زۆر لەگەڵ ئەمن گیراوە، بە نامە، بە تەلەفوون، بە ئیمەیل، جاری وا بووە کە نەسێحەتیان کردووم، جاری وا بووە لێم تووڕە بوون کە دەبێ ئەو مەسەلەیە چارەسەر بکرێ، ئی وایان تێدا بووە کە ئیزهاری نائومێدیی کردوەو مەجمووعەیەکی زۆر بەرخوردو بۆچوونی جیاواز لە پێوەندی دەگەڵ ئەو مەسەلەیەدا لەگەڵ من کراوە کە هەمووی ریشەی لە دڵسۆزیو خۆشەویستیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، عەلاقەو ئۆگرییان بە بەرەوپێشچوونی جووڵانەوەی کورد لە کوردستانی ئێران، بەتایبەتی لەو هەلومەرجەدا کە مەنتەقەکەمان لە ئاڵوگۆڕ دایە، کۆماری ئیسلامیی ئێران لە حاڵەتێکی زەعفو زەبوونی دایە، چ لە نێوخۆو چ لە دەرەوە، خەڵك عەکسولعەمەلی خۆی نیشان داوە. ژمارەیەکی زۆر لەو خەڵکەی بە نهێنی لە کوردستانی ئێرانەوە هاتوونەتە لای منو هەروەها ئەو برادەرانەی کە جودا بوونەتەوە، ئیزهاری ناڕەحەتییان کردوە، ئیزهاری تەئەسوفیان کردوە، ئیزهاری نیگەرانییان کردوە، ژمارەیەکی زۆر لە کوردەکانی بەشەکانی دیکە کە دۆستایەتییان لەگەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هەیە، موراجیعەیان کردوەو داوایان کردوە کە بتوانین ئەو مەسەلەیە چارەسەر بکەین، بەتایبەتی لێرە پێم خۆشە ئیشارە بکەم بە دۆستانمان لە کوردستانی عێراق، ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستانی عێراق کە سەرجەم دۆستایەتییەکی باشمان لەگەڵیان هەیەو لە سەرووشیانەوە یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستانو پارتی دێموکراتی کوردستانو بە تایبەت بەڕێزان کاك مەسعوود بارزانیو مام جەلال تاڵەبانی کە سەفارشیان کردوە بۆ ئەوەی کە ئێمە بتوانین یەکگرتوو کارەکانمان درێژە بدەینو هەوڵێکی زۆریان داوە کە ئینشعابو جودابوونەوە لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا پێك نەیە، بەڵام موتەئەسفم لەوەی کە ئەو هەموو هەوڵو تەقەلایانە، ئەو هەموو زەحمەتو تێکۆشانە بە نەتیجە نەگەیشت، بە دەلیلی ئەوەی کە بڕیار درابوو کە دەبێ ئەو جودابوونەوە بێتە پێشێ.

من لە لایەن خۆمو لە لایەن ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە، موتەئەسفم کە ئاواتو ئارەزووی ئەو خۆشەویستانەمان نەهاتە دی. ئەوان زەحمەتەکانیان بە فیڕۆ چوو، لەو بارەوە داوای لێبوردن دەکەم لە هەموو ئەو کەسانەی کە لەو مەیدانەدا هەنگاویان ناوە، دڵسۆزییان نیشان داوەو ئیحساساتی خۆیان بە نیسبەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران نیشان داوە. وەکوو لە پرسیارەکانیشدا جوابم داوە، ئەمن ئێستا لە موقابیلی خەڵکی کورددا دەتوانم بڵێم لە دەروونی خۆمدا سەرفرازمو خۆشحاڵم لەو جیهەتەیەوە کە هیچ شتێك نەما نەیکەم، هیچ "انعگاف"ێکی ئوسووڵی نەما کە نەیکەم بۆ ئەوەی ئەو کارە ڕوو نەدا، بەڵام بۆخۆتان دەزانینو هەموو خەڵکی کورد دەزانێ کە ئەو مەسەلەیە دوو لایەنی هەبوو، هەر بە لایەنێك بە تەنیا نەدەکرا. بۆیە سوپاسو دەستخۆشیو ماندوونەبوونی لە خەڵکی کورد کە ئەو هەموو دڵسۆزیو پشتیوانییەیان لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران نیشان دا. بەڵام هەر لەو پێوەندییەدا بە پێویستی دەزانم کە گەلی کورد هەروەك ڕابردوو پشتو پشتیوانی موحکەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بن، هەروە چۆن حیزبی دێموکرات پشت ئەستوورە بە

پشتیوانیی خەڵکی کورد لە کوردستانی ئێران‌و پشت ئەستوورە بە دۆستایەتی‌و پێوەندیی دۆستانەی ڕێکخراوە سیاسییەکان‌و کەسایەتییەکانی دیکە لە بەشەکانی دیکەی کوردستانداو هەموو دۆست‌و دڵسۆزانی گەلی کورد، ئەوانیش هەر دەبێ پشت ئەستوور بن بە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران. من دەتوانم ئەو وەعدەیە بە خەڵکی کورد بدەم کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، هەروا هەنگاو بەرەو پێش دەنێ، دەچێتە پێشێ، لە خزمەتی جووڵانەوەی کورد لە کوردستانی ئێراندا هەروا ئاڵاهەڵگرو پێشڕەو دەمێنێتەوە، بەڵام بۆ ئەوە، پێویستیمان بە هاوکاریی هەموو خەڵکە. حیزبی دێموکرات، حیزبی گەلی کوردە لە هەر جێگایەك هەن. لە هەر جێگایەك هەن، ئەوان حیزبی دێموکراتن، ئەوانن کە دەبێ یارمەتیدەرو پشتیوانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بن‌و، هەروەك لە رابردوودا پشتیوانیی بێدرێغی خەڵکم لە کاتە حەساسەکاندا، لە رۆژە تەنگانەکاندا لە خەڵکی کورد بە نیسبەت حیزبی دێموکرات دیوە، ئەگەرچی ئێستا من ئەوە بە حاڵەتی تەنگانە نابینم، بۆیە ئیتمینانم هەیە کە خەڵکی دێموکراتپەروەری کورد لە کوردستانی ئێراندا بە تایبەتی، هەروا یارمەتیدەرو پشت‌و پەنای ئێمە دەبن‌و، ئێمە لە رێبەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیشدا، بە پشتیوانیی ئەو دڵسۆزانەو ئەو خۆشەویستانە، دەتوانین سەربەرز هەروا خەباتەکەمان بەڕێوە بەرین‌و لەو ڕێگایەدا، ئەوەی کە لازمە لە فیداکاری‌و لەخۆبردوویی وەك رابردوو نیشانی بدەین تا ئەو کاتەی کە حیزبەکەمان‌و خەڵکەکەمان بە ئاواتی لەمێژینەی خۆی کە بەدەستهێنانی مافی نەتەوایەتیی گەلی کورد لە شکڵی فیدراڵیزم لە ئێران‌و دێموکراسی لە سەراسەری ئێراندا دەبێ.

لە ئێوەش جارێکی دیکە سوپاس دەکەم، بۆ ئەوەی بەشداریتان کرد لەو کۆنفرانسەداو ئەو پرسیارانەی کە ڕەنگە بەشێکی زۆری پرسیاری زۆربەی ئەو خەڵکە بێ، ئاراستەتان کردو پێشکەشی خەڵکەکەی دەکەن. سوپاس بۆ ئێوەو سەرکەوتن بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران.

